# رازیبونت باش، هونەرمەند!
# رازیبونت پیرۆز

**هۆرێن غەریب**
horenos@yahoo.com

بەیانییەکی ترەو تۆ هەر رازیت، رازیبونت باش. خۆش بەحاڵت چەند خەمسارد و چەند دوریت لە نیگەرانی. پێش ئەوەی بڕۆیتەدەرەوە، سەیرێکی ئاوێنەکە بکە بزانە کێ ئەبینیت؟ ئەگەر ئەو هونەرمەندە یان ئەو خانمەهونەرمەندەی ئەودیو ئاوێنەکەت ناسییەوە لێی بپرسە: دواجار کەی بووە وشەیەکی (نا) لە دەمی هاتۆتەدەرەوە؟ چاوەڕێی وەڵامەکەش مەکە چونکە تا بیری ئەکەوێتەوە – کە رەنگە هەر بیریشی نەمابێت– تۆ لە دەوام دوائەکەویت یان هەر نەبێت لە چاخانە دوائەکەویت، لە مەجلیسەکانی کات ئەتککردن دوائەکەویت. بڕۆدەرەوە و خۆت بدزەرەوە لەوەی چاوت بکەوێتە سەر چاوی مناڵەکانت. واباشترە، چونکە ئەوجۆرە بەرکەوتنە ئینسانیانە بۆ تۆ خراپە و تەندروستی رازیبونت دوچاری مەترسی ئەکات. ئەگەر لەرێگا بە هونەرمەندێکی وەکخۆت رازی گەیشتیت، لێی بپرسە بزانە یارمەتییەکە نەهاتوە؟ ئەشتوانیت باسی کەشوهەواو بارانی ئەمساڵی لەگەڵدا بکەیت، ئەگەر هەر زۆر پێداگریت بۆت هەیە بەراوردی بکەیت بە بارانی پار. ئەگەر هەر زۆر چاونەترس و بوێریش بویت دەستبکە بە شیکردنەوەی سیاسی رەوشی کوردستان و ناوچەکە! بەڵام نەکەیت باس لە پرۆژەیەکی هونەری بکەیت. نەکەی وشەیەك دەربارەی شەپۆلی ناڕەزایی هونەرمەندان لەزارت بێتەدەر...

خۆتگێلکە هونەرمەند، خۆتگێلکە.. وابزانە شتی وا هەر نەبووە. وابزانە ئەوە مافی تۆ نییە پێشێلکراوە. وابزانە ئەوە گەندەڵی نییە پتر لە 15 ساڵە بەناوی تووە ئەکرێت. وابزانە ئەو دەنگی ناڕەزاییە لە شارەکەی تۆ و لەکوردستانەکەی تۆ و لە نزیك ماڵەکەی تۆوە نییە. وابزانە هەواڵێکە لەوپەڕی دنیاوە بە ساردەوەبویی گەیشتۆتە لای تۆ. خۆتگێلکە هونەرمەند، جاچییە؟ با ساڵ و دوان و پێنج و شەش بەسەر کاتی کۆنگرەدا تێپەڕێت! گرنگ ئەوەیە هیچ شتێك متمانەی کوێرانەت بە حیکمەتی گەورەکانت لەق نەکات. بروایەکی پۆڵایینت بە دانایی ئەوان هەبێت. هەرگیز گومان لەوە نەکەیت کە گەورەکانت هەمیشە (قەرارەکانیان حەکیمە و لە حیکمەتەوە هاتوە) تا دڵیشت حەزبکات قوراراتی حەکیمتریان لە هەگبەدایە. خۆتگێلکە لەوەی بێ هەڵبژاردن بردیانیت بۆ *"کۆنگرە، شەکراوخواردنەوە، کۆبونەوەی تەوافقی، کۆنگرەی یەکبون"* خۆتگێلکە لەوەی بە شەرتی *"بەڵێ"* بردیانیت! خۆتگێلکە لەوەی *"زۆر ناهونەرمەندتان تیابو"* نەزانی عەیب نییە، بڵێ نەمزانی مەرجەکانی کۆنگرە لە پەیڕەو و پرۆگرامی رێکخراوەکەما چین! بڵێ نەمزانی یەکبون و گۆڕینی پەیڕەوپرۆگران لە شەکراوخواردنەوەدا نابێت، بڵێ من چوزانم رێکخراوەکەم یاسا دائەنێت بۆ قۆرخکردنی هونەر، بڵێ لە کۆبونەوەکەشدا خەوم لێکەوت – عەیب نییە عادەتە– ئاگام لێ نەبو ئەمجارەش کردویانەتەوە بە فیفتی/فیفتی! بۆ ئەوەی جارێکی تر دوپاتی بکەنەوە کە هەمیشە سیاسەتمەدارەکان نمونەی باڵان بۆ گەورەکانت. تۆ بڵێ نەمزانی و تەواو، کێبەکێیە؟ بروات هەبێت نەزانیت زۆر لێجوانە.

شەرم مەکە و بۆ هەموو شتێك بڵێ (نەمزانی، نازانم، نەزانم) سەری خۆت مەیەشێنە دنیا ئەوە ناهێنێ، ژیان ئەوە ناهێنێ، هونەر ئەوە ناهێنێ، داهاتو ئەوە ناهێنێ، بەرپرسیارێتی ئەوە ناهێنێ،... هیچ ئەوە ناهێنێت... سەری تۆ ئەبێ هەر تەرخان بێت بۆ (ئیبداععع!)

بیرمەکەرەوە، چونکە گەورەکانت لەبری تۆ بیرئەکەنەوە. بڕیارمەدە و بەشدار مەبە لە هیچ بڕیارێکا چونکە گەورەکانت لەبری تۆ هەمو بڕیارەکان ئەدەن. دیالۆگ مەکە چونکە گەورەکانت لەبری تۆ ئەیکەن یان هەر نایکەن! گوێی مەدەرێ ئەوان لە تۆ باشتر ئەزانن...

دڵت گەردنەگرێت هونەرمەند، با ئەم وشانەی من کارت تێنەکات و ویژدانی ساف و بێگەردت نەژاکێنێ ئەگەر هەستت کرد قسەکانم راستن، خۆتگێلکە.. من نامەوێت لێفەی شێدار و تۆزلێنیشتوی رازیبونی تۆ بتەکێنم. ئیشی من نییە و حەوسەڵەی ئەو تەپوتۆزەشم نییە! بەس ئەمەوێت تێبگەیت ئێمە بۆ لەیەك ناچین؟ – کە زۆرجوانە لەیەك نەچین– ئەمەوێت تێبگەیت بۆ کەتۆ ئەچیت بۆ وەرگرتنی یارمەتییەکەت کەسانێك لەسەر شۆستە دانیشتون؟ تێبگەیت روخساری بارەگاکەت بۆ بە کارتۆنەکۆن داپۆشراوە؟ ئەمەوێت پێت بڵێم نارەزاییی گێرەشێوێنی نییە، ناڕەزاییی کارێکی حیزبی نییە، ئەبێت بزانیت ئاسایی نییە تۆ تەمەنت لە رازیبوندا بەسەربەریت و بۆ ساتێکیش پرسیاری ئەوەت لا دروست نەبێت *" خوایە من بۆ ئەوەندە رازییم؟!"* ئەبێ تێبگەیت رازینەبون هۆکاری تری هەیە کە هەرگیز ئەوانە نین کە گەورەکانت پێتی ئەڵێن...

- پێت ئەڵێن ئەوانە *"بۆ پۆست وا ئەکەن، شەری کورسی ئەکەن"* . هیوادارم بەمە فریونەخۆیت و گێلت نەکەن ئەگەر نیازی پۆستێکت هەیە یان حەزت لە کورسی یە، نەکەی بێیتە ریزی هونەرمەندانی ناڕازییەوە. چونکە رێگای گەیشتن کورسی لێرەوە نییە و سەرەتاکەی بە *"بەڵێ گەورەم"* و بە ملکەچی دەست پێئەکات، بۆیە سەیری ئێمە مەکە و بروانە گەورەکانت چەند جوانن لە گوێڕایەڵیدا، چەند کارامە و بەتوانان

له گوێرایەڵیدا، مێژویەکی چەند پڕ سەروەرییان هەیە له گوێرایەڵیدا، بروانه گوێیانـ چەند *قاڵە لە* رایەڵیدا!!! ئەزمونی پڕبەهای ئەوان لەبەرچاو بگرە و بزانه نارەزایی نییە، بەڵکو گوێرایەڵی‌یە ئەتگەیەنێتە پۆست و کورسی.

- پێیان وتویت ئەوانە " *ئەیانەوێ مێژوی ئێمە بدزن*" ئاخر ئەو مێژوەی ئەوان بە نارەزایی نەبێت، نادزرێت؟! کاتێك تاوان ئەخەنە پاڵ شەپۆلێکی نارەزایی ئازاد، هیچ نەبێت ئەوەندە خۆتان ماندوبکەن تا شتێکی مەنتقی ئەدۆزنەوە. خۆتان باش ئەزانن هونەرمەندلنی نارازی ئیشیان بە مێژوی ئێوە نییە. - بەینی خۆمان بێت ئینسان هەر دزی بکات، با شتێك بدزێت کە بیهێنێت- دیسانەوە ئەوەش هەر بە رازینەبون نابێت، بەڵکو بە شوێنکەوتن و خۆسرینەوە و خۆتێهەڵسون و خۆپیاهەڵواسین ئەبێت. بە تێکەڵبون و لێکچون ئەبێت نەك بە جیاوازی و جیابونەوە. بۆیە ئەگەر خەو بەوەوە ئەبینیت مێژوی ئەو بەرێزانە بدزیت، بە نارەزایی و لەناو هونەرمەندانی نارازییەوە ناگەیت بەو ئامانجە. بەڵکو بە کۆپیکردنەوەی رابردو و مەرایی وتوتیگەرێتی پێی ئەگەیت. بەڵام ئەبێ پەلە بکەیت، نەوەك بەشت نەمێنێت. چونکە پاسەوانانی ئەو مێژوە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە مێژوی چەندساڵە و ناوی رێکخراوەکەتیان هەڵداوەتەخوارەوە و خۆیان فرێداوەتە باوەش ... یارەوە!
- پێیان وتویت " *ئەمە بە هاندانی فلان حیزب یان فلان کوتلەیە*" تەحا لەو بێئەمەکییە! باشە ئەمە بێئەمەکی وبێوەفایی نییە ئەوانی حیزبزادە و گۆشکراوی حیزب و هاورا و حیزبپەروەر، تۆمەتی وا بۆ حیزبەکانیان دروست بکەن؟ ئێوە هەمو هەنگاوەکانتان بە شەکراوخواردنەکەشەوە شانبەشانی هەنگاوەکانی حیزبەدەسەڵاتدارەکان بووە یان لە سێبەرو بەموبارەکەی خۆیان بووە، ئێستا حیزب بۆ ئەچێ نارەزاییتان بۆ دروست ئەکات؟ ئەگەر بڵێن ئەمیانە لەدژی ئەو، *وانییە!* چونکە هەردو حیزب لەهیچا تەبا نەبن لە پشتگیری و پیرۆزبایی شەکراوخواردنەوەکەتاندا ئەوەندە تەبان مو بە بەینیانا ناڕوات و خەمتان نەبێت لە پاشتێلانەکەشتانا پێش هەموکەس شاباشتان ئەکەن. ئەگەر واشئەزانیت حیزب بۆ تۆخکردنەوەی تابلۆ کاڵوبێرەنگەکەی دیموکراسی وا ئەکات، ئەوە ئێمەنین ئەو سەودا و مامەڵەیەمان پێبکرێت. حیزبیش هێندە گێل نی‌یە لە کاتێکدا ناوەندی فەرهەنگیمان پڕە لەو کۆلکە ئەدیب و کۆلکە هونەرمەندانەی ئامادەن زۆر بەهەرزان ئەو رۆڵە بگێڕن. تا ئەوانە وەستابن، بۆ خۆی توشی کەسانێکی وەك ئێمە ئەکات؟ کە هی سەودا نین و ناتوانێ گەمەی وامان لەگەڵ بکات نەك پێمان بکات. کەسانێك وەك ئێمە کە دەممان ناگرین، گوێرایەڵ نین، حیزب تەنها وەك حیزب سەیرئەکەین! بروامان بە (...) و سەلامەتی نییە، بەکورتی هیچ مەرجیکمان تیا نییە کە کەندیدمان بکات بۆ یاریکردنی ئەو گەمەیە.

خەبەرت بێتەوە گیانە تەمەنێکە حیزب ئیشی ئەوەیە رازیبون دروست بکات نەك نارەزایی.

- زۆر هۆکاری ترت پێئەڵێن... و لە هەمو نوسین و وەڵام و چاوپێکەوتنێکدا چەندین تۆمەت ئەخەنە پاڵ هەنەرمەندانی نارازی وەك گروپ و وەك تاکەکەسیش. حەزئەکەیت بزانیت بۆ وەڵامی ئەو هەمو تۆمەت و بەدناوکردن وهێرشە شەخسییانە نادەینەوە کە بەرامبەرمان دەکرێت؟

ئێمە بەئەرکی خۆمانی ئەزانین لە باری دەرونی نائاسایی و ناهەمواری گەورەکانت بگەین چونکە ئەزانین لە چ هەلومەرجێکی سەخت ودژواردان و روو لە چ هەڵخلیسکانێکی گەورەن. بۆیە بەئەرکی خۆمانی ئەزانین تەفەهومی حاڵەتەکەیان بکەین و لێیان نەگرین.

دوای خوێندنەوەی ئەم وشانە نیگەران مەبە و گومان لە پاکی خۆت مەکە، سەعات پێنج برۆ بۆ ئەو بارەگایەی رەشەبا ناونیشانەکەی پاڵخستوە و من نازانم ناوی بنێم (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانی جاران) یان ماڵی دەرگاداخستن بەڕوی هونەرمەنداندا؟! لەوێ برۆ بەردەم گەورەکانت و بڵێ: "*باوکی هەمومان، من گوناهبارم، ویژدانی هەمیشەرازیم لەکەدارکردوە بە خوێندنەوەی...*" و داوای بەخشین و پاکبونەوەی لێبکە. خەمت نەبێ سنگی زۆرفراوانە و لە گوناهەکەت خۆش ئەبێت و بەچاوی پڕ لە عەتف و بە وردی سەیرت ئەکات و دەستی رەحمەتی ئەهێنێت بەسەرتا و گێجی رازیبونت ئەگەیەنێتەوە ئاستی سەلامەتی. تۆش تا ئەوپەڕی سنور ئازادیت لەدەربڕینی وەلائـ و پێزانینی خۆت و ئەتوانیت بە ویژدانێکی لیپاولیپ لە رازیبون برۆیتەوە بۆ ماڵەوە و ئێوارە و شەوێکی تر بە خۆشی وشادی لەگەڵ ژنەکەت/مێردەکەت و مناڵەکانت بەسەربەریت. بەڵام بیرت نەچێت با چاوت نەکەوێتە سەرچاوی کەسیان. لێیانگەڕی با هەر لە ناخی خۆیاندا بڵێن

"*باوکمان/ دایکمان، هونەرمەندە!* "

گڵۆپەکانیش مەکوژێنەرەوە، چونکە کارەبا خۆی ئەبڕێت...

رازیبونت شاد هونەرمەند، رازیبونت شاد